# مەرگ و ژیاندۆستی
# لە سپێتی پشتەوەی وێنەیەکی ڕووتدا

**کارزان عەلی**
**(دەربەندیخان)**

**(٢- ٢)**

لە ساتی چرکاندنی هەردوو وێنەی (ئیکۆکۆ، گێلاسی نەوبەهاران) هەردوو وێنەگر، وەک ئەوەی هەنگاوێکی هەڵەیان نابێت، وێنەکان لە شوێنی تایبەتیدا دەشارنەوە. هەردوو وێنەگرەکەش ساتی دوودڵی و نیگەرانییان لە یەکەوە نزیکە، یەکەمیان لەبەر ئەوەی شوێنی لە ماڵێکی بچووکدا شۆردنەوەی وێنەکانی نییە، وەک دەڵێت «فیلمی کامێراکەم دا بە کیمۆرا و داوام لێ کرد کە خۆی بیشواتەوە» (لا ٥٤). دووەمیان شوێن و ئامێری شۆردنەوەی وێنەکانی لە ژوورێکی چەپەک و تاریکدا حەشار داوە و بە تەنیا خۆی کلیلی چوونە ژوورەوەی لەلایە.

تانیزاکی بۆ ئەم مەبەستە، داوا لە (کیمۆرا)ی زاوای داهاتووی دەکات، لە ستۆدیۆیەکی باوەڕپێکراو، وێنە ڕووتەکانی ئیکۆکۆ بشۆرێتەوە، کیمۆرا وێنەکان دەشواتەوە و لێرەوە کێشەیەکی گەورەتر سەرهەڵدەدات، چونکە بە بینینی وێنە ڕووتەکانی ئیکۆکۆ، کیمۆرا هەستێکی سێکسی بەهێزی لا دروست دەبێت و جەستەی ناسک و بێگەردی (خەسووی) وا دەکات سنووری پیرۆزییەکان تێک بشکێنێت و هێدی هێدی لە ئیکۆکۆ نزیک ببێتەوە، تا ئەوەندەی دواجار خۆشەویستی ئیکۆکۆ بە تەواوی داگیری دەکات و بەم هۆیەشەوە داوای لێ دەکات لەگەڵی بخەوێت.

سەیر لەوەدایە ئیکۆکۆ هەمان هەستی هەیە و بەم شێوەیە بە دزی مێردەکەیەوە، کیمۆرا دەبێتەوە مێردی هەمیشەیی ئیکۆکۆ و بۆ ئەم مەبەستەش بە دزییەوە لە ناوچەیەکی گەشتیاری نزیک، خانوویەکی بچووک دەگرن و ڕۆژانە لەوێ سێکس دەکەن و پێکەوە دەخەون، تا ئەوەندەی لە ڕێگەی (تۆشیکۆ)ی کچی ئیکۆکۆ، پەیوەندییەکە ئاشکرا دەکرێت و ڕاستەوخۆ بۆ باوکی دەگێڕێتەوە. ئەم ناپاکییەی ئیکۆکۆ، دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی مێردەکەی نەخۆش بکەوێت و بمرێت.

لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا، پاش ئەوەی لە ڕێگەی (گورجی شوکری)ی کارەکەری ماڵی کامیل ئاغاوە، وێنەکە دەدزرێت، دەیان

کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و وێنەکە وەک چەکێکی بەهێز بەرانبەر کامیل ئاغا، براکانی، خزمەکانی، براکانی گێلاس، تەنانەت شۆڕشگێڕ و مەلای ئایینی و هێزی پێشمەرگە و زۆر کەس و لایەنی تریش بەکار دەهێنرێتەوە و ژیانی بەشێکی زۆری کارەکتەرەکان دەخاتە مەترسییەوە و بەشێک لەو مەترسییانەش بە مردن، یان کوشتن کۆتاییان دێت.

## ساتی وێنە... ساتی مەرگ

مردنی کارەکتەری بێناوی ڕۆمانی کلیلی تانیزاکی و ئەو زنجیرە مردن و کوشتنانەی تری ناو ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی، حەتمییەتی هەموو وێنەیەکە، چونکە لە یەکەمین هەنگاودا، چرکاندنی وێنە، جگە لە پووکانەوە و بەسەرچوونی ئەو ساتە بۆ وێنەگر و وێنەگیراو، پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە مردنەوە هەیە. لێرەدا کۆتەیشنی سەرەتای کتێبی (حیاة الصورة و موتها- ژیان و مردنی وێنە)ی ڕیجیس دوبرێ وەردەگرین کە دەڵێت «لەدایکبوونی وێنە پێوەندییەکی بەهێزی بە مردنەوە هەیە» (دوبرێ لا ١٥).

لێرەدا دوبرێ وەک یادەوەری قسە لە بەسەرچوونی وێنە دەکات، واتە کاتێک ئێمە وێنەیەک دەگرین، بۆ ئەوەیە جاڕی مردنی (کەسی) وێنەگیراو بدەین، لێرەدا ئەو پێوەندییە قووڵتر دەکاتەوە کاتێک دەڵێت «مردن، پێش هەموو شتێک، وێنەیەکە. بەهەمان شێوە وێنەش هەر مردنە، چونکە وێنەش هەمان پرۆسەکانی مردنی لە خۆیدا هەڵگرتووە، وەک پرۆسەکانی زیندووبوونەوە، یان کۆچی دوایی، یان ڕۆشتن و بەجێهێشتن» ( لا ٢٠).

لێرەوە دەتوانین جەخت بکەینەوە سەر هەمان تێڕوانینی باشلار کە لە کتێبی (جمالیات الصورة



**واڵتەر بنیامین**

- ئیستێتیکای وێنە)دا، یەکەمین دەرکەوتەی وێنە بە مردنەوە دەبەستێتەوە، بە درێژی قسە لەسەر ئەم پێوەندییە ڕاستەوانەیەی نێوان مردن و وێنە دەکات.

وەک دەبینین لە درێژەی هەردوو ڕۆمانەکەدا، مردن و کوشتن بە چڕی ئامادەییان هەیە، بە تایبەتی لە ڕۆمانەکەی (بەختیار عەلی)دا، نەفرەتی وێنەکە نەفرەتێکی هاوشان و یەکاویەکە بە مردن، وەک ئەوەی هەموان لە جیاتی وێنە، دەستیان بەر ماددەیەکی ژەهراوی و کوشندە بکەوێت، نەفرەتێک کە بە ڕیشکی بنەماڵەی سووریاران و زۆر کارەکتەری تریشدا دەچێت، تا ئەوەندەی وتاربێژی گەورەی شارێک، بەر ئەم نەفرەتە دەکەوێت و بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە دەکوژرێت، کامیل ئاغا و براکانی، گورجی و خوشکەکەی و جابۆ، مولازم بەدر و زیائەددین و زۆر کارەکتەری تریش، بەر مردنێک دەکەون کە زیاتر لە نەفرەتێک دەچێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بێ بەزەیی و ناشیرین بمرن، لێرەدا بەختیار عەلی ئەو پێوەندییەی نێوان وێنە و مردن بە شێوەیەکی زۆر ئەندازیارییانە دروست

دەکات و کۆتایی پێ دەهێنێت.

***

پەیوەندی نێوان وێنە و مردن، پەیوەندییەکە پابەستە بە یادەوەری هەموو ئەو کەسانەی وێنەکە دەبینن، واتە لەو کاتەی وێنەیەک دەگرین، زەمینە بۆ ساتی مردن و لەناوچوونی شت خۆش دەکەین، یان کەسی وێنەگیراو، چ بە شێوەی مردنی فیزیکی و لە دنیا دەرچوون بێت، چ بە مانای بەسەرچوونی ئەو ساتەش بێت وێنەکەی تێدا دەگرین، هەردوو جۆری مردن و بەسەرچوونەکەش، توند بە یادەوەری هەموانەوە بەندە، هەر لێرەوە کاتێک کامیل ئاغا جۆرێک لە دڵنیایی وەردەگرێت، کە جارێکی تر ناتوانێت بە جەستەی جوانی خاتوو گێلاسی نەوبەهاران شاد بێتەوە و ئەگەری مردنی نزیکە، لەو کاتەدا وێنەیەک دەگرێت، ئەگەر بۆ یادگاریش بێت، هەر لەبەر ئەوەیە «هەموو وێنە فۆتۆگرافییەکان لە زمانی لاتینیدا بە یەک خاسیەتی گشتگیر جیا دەکرێنەوە و چەمکی Momento moriیان بۆ بەکار دەهێنرێت، ئەم چەمکە ئاماژەیە بە پاراستنی شتێک لەناو خەیاڵ و مێشکدا بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە حەتمەن دەمرێت و بەشداریکردنە لە لەناوچوونی ئەو کەسەدا» (سۆنتاگ لا ٢٣).

## دووبارە چاپکردنەوەی وێنە

ڕۆلان بارت لە کتێبی (الغرفة المضيئة- ژووری ڕووناک)دا قسەیەک دەکات کە لەوانەیە کۆمەکی زۆری ئێمە بکات بۆ هەموو ئەو ڕووداوانەی بەهۆی وێنەی ژنێکی ڕووتەوە، ڕوو دەدەن. دەنووسێت: «وێنە زیاد لە پێویستی خۆی قسە دەکات» (بارت لا ٣٩) . سەرەڕای ئەوەی کە وێنە ماددەیەکی بێدەنگ و نازیندووە، بەڵام بەشێکی زۆری دەنگ و زیندوویی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کە دەبێتە جێگەی گفتوگۆ و کێشە و ململانێی زۆر، «وێنە وامان لێ دەکات لێی ورد ببینەوە و چاوەکانمان زیاتر بکەینەوە، گریمانەی مانای تر بکەین، ڕاستییەکەی وێنە خاسیەتی هەڵگەڕانەوە (انقلابي) هەیە. (بارت لا ٣٩)، (گریمانەی ماناکانی تری وێنە)، قووڵبوونەوەیە بەناو هەمان ئەو چەمکەی واڵتەر بنیامین کە لە سەرەتای ئەم وتارەدا لێی دواین. گریمانە کردنی وێنەی خەیاڵیی دیکە، وێنەی یادگاری دوورتر، هەڵدانەوەی کاتێکی تێپەڕبوو.

لە ڕۆمانی (کلیل)، یان (چەند دانپێدانانێکی بێ شەرمانە)دا کە ڕۆمانەکە بە شێوەی یادەوەری دەنووسرێتەوە، ئیکۆکۆ و مێردەکەی، هەریەکەیان بە جیا یادەوەری خۆیان دەنووسنەوە، بەر هەموو ئەو قسە نەوتراوانە دەکەوین کە دەبوو ئەم ژن و مێردە وەک دوو هاوسەر، پێکەوە بیانکردایە. دوورکەوتنەوەی ئیکۆکۆ لە مێردەکەی، بەشێکی بەهۆی ئەوەوەیە کە مێردەکەی ناتوانێ حەزە سێکسییەکانی ژنەکە تێر بکات و بەشێکی تری بەهۆی گەمە قێزەونە سێکسییەکانەوەیە کە ژنەکە لێیان بێزارە، تەنانەت لە یادەوەرییەکاندا، مێردەکە باس لەوەش دەکات کە لە کاتی سێکس کردندا، ئیکۆکۆ تەنیا ئەو شوێنە دەردەخات کە سێکسی لێوە دەکەن و ئەم پیاوە بێ بەش دەکات لەوەی جەستەی ڕووتی ببینێت، چونکە پابەندی نەریتی کۆنی باوباپیرانیەتی، ئەم بێبەشکردن و نەبینینی جەستە ڕووتەیە کە هانی مێردەکە دەدات بۆ ئەوەی هەلێکی لەبار بدۆزێتەوە و وێنەی ڕووتی ژنەکەی بگرێت.

لە بەرانبەردا، ئەوە جەستەی سپی و جوانی گێلاسی نەوبەهارانە، کە هانی کامیل ئاغا دەدات بۆ ئەوەی جوانیی زەخیرە (خەزن)

بکات و لە یادەوەری خۆیدا هەڵیبگرێت.

ئەم دوو جۆر وێنەگرتنە، لە یەک کاتدا ساتی مردنی وێنەکە و خەزن کردنیەتی لە یادەوەریدا، چونکە وێنەکان بۆ خۆیان، قسەی ئەو ساتە دەکەن کە تێیاندا گیراون، قسەکردنێک کە زۆر لە قسەکردن و نووسین بە وشە جیاوازترە. بارت ئەم دیدە قووڵتر دەکاتەوە و دەڵێت «بە پێچەوانەی دەق و نووسینەوە کە کاریگەرییەکی (هێواش) و لەناکاو دروست دەکەن، وێنە بە کۆمەڵێک (تەفاسیل) دووردرێژی و وردەکاری خۆی پێشکەش دەکات» ( بارت ٣٠).

هەر ئەم دووردرێژی و پڕ مانایی و وردەکارییە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانێکی تری خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت، دەیانەوێت چەندان وێنەی تری گێلاس بشۆرنەوە، بۆ ئەوەی هەموو جارێک ئەو کاریگەرییە لەناکاوەی هەبێت بۆ سەر بینەر، تەنانەت بارت دووبارە شۆردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی وێنە بە «شۆکی فۆتۆگرافی ناو دەبات» (بارت لا ٣٤)، واتە لەبەر ئەوەی وێنە لە خۆی زیاتر دەدوێت و هەڵگری خاسیەتی وردەکاری و دووردرێژییە، دەکرێت هەموو دووبارە شۆردنەوەیەکی، شۆکی فۆتۆگرافی لای بینەر دروست بکات و هەمان دۆخی ترسناکی یەکەم جار بۆ بینەر بخولقێنێت. بەم مانایە دەتوانین لە نهێنیی هەموو ئەو وێنە دووبارە چاپکراوانەی گێلاسی نەوبەهاران تێ بگەین کە تا هەتا هەتایە، لە سەردەم و ڕۆژگاری دیکەدا، یەکێک لە وێنە کۆپیکراوەکان سەر هەڵبداتەوە.

ترسی گەورەی کامیل ئاغاش هەر هەمان ترسە، چونکە دڵنیا نییە کە خەلیفە وێنەکەی بە تەواوی لەناوبردووە و سووتاوە، ئەو ترسەش کاتێک بە تەواوی بەرجەستە دەبێت کە خانی زەرد دووبارە دێتەوە بەر دەرگەکەی و بە وێنە بڵاوکراوەکەی گێلاسی ڕووت، هەڕەشەیەکی تازەی لێ دەکات، چونکە وەک بارت دڵنیامان دەکاتەوە «هەموو وێنەیەک خود دەگۆڕێت بۆ بابەت، تەنانەت دەتوانم بڵێم بابەتێکی شاراوە» (بارت لا ١٧) . بابەتی شاراوە، هەمان ناکۆتایی کۆپییەکانی وێنەکەی گێلاسە بە ڕووتی کە بەختیار عەلی لە دووتوێی دەقەکەدا هەرجارە و لای کەسێک کۆپییەکی وێنەکە دەداتەوە بە خوێنەر.

ئاستی کاریگەریی ئەم وێنەیەش، بە پێی کەسەکان دەگۆڕێت. وەک دەبینین لەبەر ئەوەی لە ڕۆمانی کلیل، یان چەند دانپێدانانێکی بێ شەرمانەدا کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە کەمن، کاریگەرییەکە تەنیا لای کیمۆرا بە زەقی دەردەکەوێت و دواجار خێزانەکە لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا، ئەم کاریگەرییە ئاستێکی زۆر فراوانی خێزانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینیش لە خۆیەوە دەپێچێت. لێرەدا بارت پەنا دەباتە بەر چەمکێک لە زمانی کۆنی لاتینیدا کە کاریگەریی وێنە ڕوون دەکاتەوە. بارت چەمکی ستەدیۆم Studium قەرز دەکات بۆ ئەوەی ئاستی کاریگەریی وێنە لەسەر کەس و کۆمەڵگەش تاقی بکاتەوە. چەمکی ستەدیۆمی وێنە هەمان ئەو کارکردنەیە کە بەختیار عەلی لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا کاری پێ دەکات، چونکە چەمکەکە ئاماژەیە بۆ ڕاڤە و ڕوونکردنەوە و پێشوازی کولتووری و زمانەوانی و سیاسی لە هەر وێنەیەک، واتە تا چەند ئەم وێنەیە ئەو کاریگەرییانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. لە بەرانبەردا بارت چەمکێکی خۆکرد دەخاتە ڕوو بە ناوی پەنکتەم Punctum کە ئاستی کاریگەریی ئەمەیان کەمترە لە ڕووی کولتووری و زمانەوانی و سیاسییەوە. وشەی پەنکتەم بە واتای چزە،

یـان کونـی بچـووک، یـان بریـن دێـت، واتـە چـزەی سووتانی مێشک و خەیاڵدانی کەسێک بە بینینی وێنەیـەک، شـتێک کـە بریـندارت بکات و خوێنـت لـێ بچۆڕێنێـت، کـە لێـرەدا کاریگەرییەکـە قووڵتـرە بـۆ کەسێک کە «وێنەیـەک بـۆ یەکـەم جـار دەبینێـت» (بـارت لا ٢٩). وەک ئـەوەی لای کیمـۆرا ڕوودەدات و دەسـەڵاتی بەسـەر خۆیـدا نامێنێـت، تەنانەت ئاستی سنووری پیرۆزییەکانـی خێـزان دەبەزێنێـت و لەگـەڵ دایکـی دەسـتگیرانەکەیدا پێکـەوە سـێکس دەکـەن.

ئێمـە لـە هـەردوو ڕۆمانەکـەدا بـەر سـتەدیۆم و پەنکتـەم دەکەویـن، بـە تایبەتـی لای کیمـۆرا، یـان تۆشـیکۆی کچـی ئیکۆکـۆ، بەهەمـان شـێوە هـەردوو چەمکەکـە لـە نەفرەتـی نەوبەهارانیشـدا تێبینـی دەکەیـن، سـتەدیۆم بـۆ هەمـوو ئەوانـەی ڕاڤـە و لێکدانـەوەی بەرژەوەندخوازانـە بـۆ وێنـەی ڕووتـی گێـلاس دەکـەن، وەک مـولازم بـەدر، یـان زیائەددینـی بـرای گێـلاس و براکانـی دیکـەی گێلاس و حەسـەن ئیلهـام و پەنکتـەم، بـە تایبەتی لای وتاریێـژی گـەورە و جابـۆ.

## کاریگەری دیاردەکان لە کۆمەڵگەی هەردوو ڕۆمانەکەدا

وەک وتمـان لەبـەر ئـەوەی ڕووداوی هـەردوو ڕۆمانەکـە لـە کۆمەڵگەیەکـی ڕۆژهەڵاتیـدا ڕوو دەدەن کـە جیـاوازی چینایەتـی و کۆمەڵایەتـی جودایـان هەیـە، دەکرێـت بوونـی وێنـەی ژنێکـی ڕووتیـش بـە هـۆی ئاسـتی تێگەشـتن و ژیاریـی ئەو کۆمەڵگەیـەوە کاریگەریـی جیـاوازی هەبێـت. وەک ئـەوەی باشـلار لـە کتێبـی (جمالیات الصـورة)دا لە پێوەنـدی نێـوان مردن و وێنەدا باسـی دەکات و دەنووسـێت «هەمـوو شارسـتانیەتێک بـە شـێوازی تایبەتـی خـۆی مامەڵـە لەگـەڵ مردووەکانیـدا دەکات». لەبـەر ئـەوە هەمـان پەرچەکـردار تـا ڕۆژگاری ئەمـڕۆش بـۆ هەمـوو دیـاردەکان درێـژ دەبێتـەوە، بـەڵام بـە شـێوەیەکی تراژیـدی.

لای تانیزاکـی، تـا ئاسـتێکی زۆر کێشـەکە لـە ناوخـۆی خێزانەکـەدا کۆتایـی پـێ دێـت، کەسـی وێنەگر (کە دەکاتـە مێردە بێناوەکـەی ئیکۆکۆ) دوای ئـەوەی بـۆی دەردەکەوێـت ئیکۆکـۆی خێزانی لەگـەڵ (کیمـۆرا)ی زاوایـدا ناپاکـی هاوسـەری لـێ دەکات، تووشـی (وەستانی دڵ) دەبێت و دەمرێت، واتـە خـۆی دەبێتـەوە بـە قوربانـی. ئیکۆکـۆ، بـە هەمـان شـێوە هاوسـەرەکەی لـە دەسـت دەدات، کچەکـەی تووشـی دڵەڕاوکـێ و دابـڕان دەکات و خـۆی دەبێتـەوە بـە قوربانـی، واتـە بەهـۆی وێنەیەکـەوە دوو خێـزان لەیـەک هەڵدەوەشـێنەوە و کەسـێکی دیکـەی تێـدا دەمرێـت.

لـە بەرانبەریشـدا، کامیـل ئاغـا و هەمـوو ئـەو ڕووداوانـەی دیکـە کە وێنەکە لەپاش خۆی دەیهێنێت، قۆسـتنەوە و کوشـتنی دەیـان کارەکتـەری دیکـەی نـاو ڕۆمانەکـە و دواجـار ئـەو کێشـە و گرفتانـەی دیکـە کـە گێلاسـی نەوبەهـاران بـە دەسـتی بـراکان و کۆمەڵگـەوە پێیـەوە گیـرۆدە دەبێـت، دەبێتـەوە بـە قوربانـی. وەک ئـەوەی ڕیجیس دوبـرێ دەیڵێت «چاکیەتـی وێنـە لەوەدایـە کـە ئامـرازی پێکـەوە بەسـتنە». (دوبـرێ لا ٣٥). ڕاسـتەقینەیی ئـەم دیـدەی دۆبـرێ، تـەواو لـەو فـەزا کۆمەڵایەتییـەدا دەردەکەوێـت کـە مامەڵەیەکـی تایبەتـی لەگـەڵ وێنەیەکدا دەکات، هەروەهـا گیرۆدەبوونـی بازنەیەکی فـراوان و گـەورەی کەسـایەتیی دیکـە بـە دەوری هەمـان کێشـەدا، چونکـە دیاردەکـە، یـان وێنـە ڕووتەکـە پێوەندییەکـی نهێنیـی بـە کۆنەسـتی ئـەو کۆمەڵگەیـەوە هەیـە وێنەکـەی تێدا بەرهـەم هاتووە، وەک ئـەوەی سـۆنتاگ بـە شـێوەیەکی ڕوونتـر دەنووسـێت «وێنـە فۆتۆگرافییـەکان یارمەتیمـان دەدەن لـەوەی ببنـە بەڵگـە و گەواهـی، یەکێـک

لە سوودەکانی کامێرا و وێنە ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی لە تاوانەکەوە گلاون، تۆمار دەکات» (سۆنتاگ لا ١٢).

لە کۆمەڵگەی ژاپۆنیدا لە ئاستێکی زۆر کەمدا دەنگدانەوەی دەبێت و لە سنووری دوو خێزان دەرناچێت، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەک کۆمەڵگەی کوردی سەرەتای شەستەکان تا دوای ساڵانی دوو هەزار، کە کۆمەڵگە پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە ئاستی ژیاریدا نەکردووە، کاریگەرییەکە گەورەتر و خراپتر و کارەساتتر جێ دەگرێت، چونکە وەک دوبرێ دەنووسێت «بێ قووڵبوونەوە بەناو نەبینراودا، بینراو هیچ بوونێکی نییە» (دوبرێ لا ٢١)، ئەم قسەیەی دوبرێ، نهێنیی ئەو زنجیرە درێژەی هەڕەشە و کوشتنە ڕوون دەکاتەوە کە وێنەیەک (یان هەر دیاردەیەکی دیکە) لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا بەدوای خۆیدا دروستی دەکات.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەرهاویشتەی پشت وێنەبینراوەکە دەبینرێت، واتە لە نەبینراوەکانی پشت وێنەکەوە دەتوانین بڕیار لەسەر دەیان چەمکی تری وەک ئەخلاق و شەرەف و پیاوەتی بدەین، کە بە ڕوونی ئەم دۆخە نەخوازراوە لە دەقی ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی دا دەدۆزینەوە. لەوەش خراپتر دەتوانین وێنای تر بە پێی خەیاڵ و مەبەستی خۆمان دابتاشین و هەمووانی پێ تاوانبار بکەین، بە شێوەیەک دەسەڵاتمان بەسەر ئاراستەکردن و چۆنیەتی بەسەربردنی ژیانی ئەوانی دیکەدا بشکێت. تۆخکردنەوەی دەرهاویشتەکانی پشت وێنەیەکی ڕووتی ژنێک، پێوەندیی بەو زهنییەتەوە هەیە کە وێنەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، چونکە وەک بارت ڕوونی دەکاتەوە «هەموو وێنەیەک گەواهیدانە بە شێوەیەک لە شێوەکانی ئامادەبوون»، واتە کاتێک خانی زەرد یان مولازم بەدر، یان تەنانەت کیمۆرا وێنەیەکی ڕووتیان لەلا بێت، واتە بوونی ئامادەیی بۆ هەر خەیاڵ و بەرنامەیەک کە لە مێشکیاندا هەبێت، هەرچەندە بوونی ئەم ئامادەییە بەو واتایە نایەت کە هەمووان دەتوانن دەستیان بە ژنی ڕووتی ناو وێنەکە بگات، بەڵام وەک بارت جەختی لەسەر دەکاتەوە «هەموو وێنەیەک ئەوەمان پێ دەڵێت کە (خاوەنی ئەم وێنەیە) لە ڕابوردوودا ژیاوە و ئێستا نەماوە، بەڵام ناو کرۆکی هەموو وێنەیەک بۆ ئەوەیە باوەڕێکی تەواومان هەبێت کە ئەم وێنەیە و (ئەم ژنە) ڕاستییەکەی نەماوە»، هەرچەندە ئەم مانەوەیە دەتوانین لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگوێزینەوە، بەڵام لای هەرکەسێک ئەم مانەوەیە هەبوو، واتە جۆرێک لە زانیاری لەلایە کە دەکرێت لە هەر شوێن و کاتێکدا و بۆ مەبەستی تایبەتی بەکار بهێنرێت، لێرەوە دەتوانین پەی بە نهێنی کۆی ڕووداوەکانی پشت ئامادەیی وێنەکەی گێلاسی نەوبەهاران ببەین، چونکە «کاتێک وێنەیەک دەگرین، بێگومان ئێمە دەسەڵاتی تەواومان بەسەر وێنەگیراوەکەدا هەیە، ئەمەش واتا ئێمە خۆمان دەخەینە پێوەندییەکی توندوتۆڵەوە لەگەڵ جیهاندا کە لە هەمان پێوەندیی نێوان دەسەڵات ــ مەعریفە دەچێت». (سۆنتاگ لا ١٠).

ئامادەیی وێنەکە لای کیمۆرا، یان خانی زەرد و جابۆ، یان وتاربێژی گەورەی شار، واتە هەبوونی مەعریفە و بەکارهێنانی وێنەکەش وەک پیادەکردنی دەسەڵات. لە دووتوێی دەقی هەردوو ڕۆمانەکەوە پیادەکردنی تەواوی مەعریفە و دەسەڵات دەبینین کە ئەوانی دیکە بەسەر ئەو بازنە فراوانەی

**کەسـیەتییە کۆمەڵایەتییەکانـی نـاو دەقەکـەدا پیادەی دەکـەن، دواجار دەگەینـە هەمـان ئەو پنتە نهێنییـەی کـە شـەمدۆ دوای تێپەڕینـی دەیان ساڵ بەسـەر وێنـە ڕووتەکـەی دایکیدا، وێنـەی سـەدان کچ و ژنـی دوژمنـان دەگرێت بـە ڕووتـی بۆ ئـەوەی هەمـان دووانـەی دەسـەڵات و مەعریفە پیادە بکات کە ئەوانـی دیکـە بـە درێژایـی ئـەو هەمـوو ساڵانە بەرانبـەر خێـزان و بنەماڵـەی کامیـل ئاغا پیادەیان کـردووە. بـە هەمـان مانـای واڵتـەر بنیامیـن کـە بـاس لـە سـەرەتاکانی دروسـتبوونی وێنـە دەکات لـە وتـاری (A short history of photography) و دەنووسـێت « دەیـان کەسـی فێڵبـاز و لیبـۆک دەیانویسـت ئـەم تەکنیکـە تازەیـان دەسـت بکەوێت بە مەبەستی بەکارهێنانی بە شێوەیەکی پـڕ قازانج، نـەک هـەر ئـەوە، بەڵکوو سـوپایەک بـوون». بەهەمـان شـێوەیە دەیـان کەسـی خـاوەن خەیاڵـی خـراپ و بەرژەوەنـدی جیـاواز دەیانویسـت وێنـەی ڕووتـی ژن و کچانـی ئەوانـی دیکەیـان دەسـت بکەوێـت.**


**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

- المفتاح، تانیزاکي، ترجمة: صلاح صلاح، ٢٠٠٦، بیروت.
- اعترافات خارجة عن الحیاء، تانیزاکي، ترجمة: عدنان محمد، ٢٠٠٨، دمشق.
- نەفرەتی نەوبەهاران، بەختیار عەلی، ٢٠٢٤، سلێمانی.
- الغرفة المضیئة، رولان بارت، ترجمة: هالة نمر، ٢٠١٠، قاهرة.
- عصر الصورة (السلبیات والایجابیات)، تألیف: د. شاکر عبد الحمید، ٢٠٠٥.
- حول الفوتوغراف، سوزان سونتاغ، ترجمة: عباس المفرجي، ٢٠١٣، دار المدی.
- حیاة الصورة و موتها، ریجیس دوبري، ترجمة: فرید الزاهي، ٢٠١٣.
- جمالیات الصورة، باشلار، ترجمة: د. غادة الامام، ٢٠١٠، بیروت.
- A short history of photography, walter benjamin, 1931.
- Technology and literature, Adam hammond, university of toronto, printed in 2023.


*** ڕۆمانـی (کلیـل)ی (جۆنیشـیرۆ تانیزاکـی) کـە نووسـەر ئامـاژەی بـە عەرەبییەکـەی کـردووە، لـە ساڵی (٢٠١٤)ـەوە لـە هەرێمی کوردستان کراوەتـە کـوردی و چـاپ کـراوە.**

**«ڕامان»**